# (زمانی پەخشانی زانستی و پرۆگرامەکانی خوێندن)

## کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادیی بەنموونە.

م.ی. عمر احمد عبدالرحمن،

زانکۆی سۆران، ف.ئاداب، ب. کوردی

## پێشەکی:

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە (زمانی پەخشانی زانستی و پرۆگرامەکانی خوێندن) کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادیی بەنموونە. تیایدا باس لەو تایبەتمەندیانە کراوە، کە پێویستە لە زمانی نوسینەوەی زانستە رووتەکاندا بونیان هەبێت. پاشان ئەو تایبەتمەندیانە پراکتیزەکراون بەسەر زمانی نوسینەوەی کتێبی زیندەزانیدا. بۆ ئەم پراکتیزەکردنەش لێکۆڵینەوەکە سامپڵێکی ناو کتێبەکەی وەرگرتووە و هەڵی سەنگاندووە، دواتر تەنیا ئاماژەی بە لاپەڕەی ئەو نموونانە کردووە کە هەمان بارودۆخیان هەیە. لێکۆڵینەوەکە بەپێی ڕێبازی (وەسفی – شیکاری) ئەنجامدراوە، بەشێوەیەکی گشتی هەردوو زمانی پەخشانی زانستی و زمانی نوسینەوەی کتێبی زیندەزانی پرۆگرامی خوێندنی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادەیی لە باشوری کوردستاندا، خستۆتە بەرباس و شیکاری کردوون .

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ ناساندنی پەخشانی زانستی و جیاوازی لەگەڵ جۆرەکانی تردا. هەر لەم بەشەدا زمانی پەخشانی زانستی بە وردی باسکراوە لەڕووی هەست و سۆز و کەسایەتی نوسەر و بەکارهێنانی زاراوەدا. پاشان باس لەو ڕێ و شوێنانە کراوە، کە دەبێت لە نوسیندا بەگشتی هەبێت ، وەك ڕەچاوکردنی خاڵبەندی و ڕێنوس، لەگەڵ هەندێك یاسای گشتی کە لە زماندا بونیان هەیە و لە هەر نوسینێکدا نابێت پێشێل بکرێن. بەهۆی ئەوەی کتێبی زیندەزانی (وەرگێڕدراوە)، بۆیە هەر لە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە باسی وەرگێڕان و جۆرەکانی کراوە.

لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەدا هەموو ئەو بابەتانەی کە لە بەشی یەکەمدا هەن، پراکتیزەکراون بەسەر زمانی نوسینەوەی کتێبی زیندەزانیدا و هەڵەکان دەست نیشان کراون و سامپڵیکیان لێ وەگیراوە وەکو خۆی، لە بەرامبەریشدا شێوە ڕاستەکە خراوەتە ڕوو. هەر لەم بەشەدا هەندێك دەقی ناو کتێبەکە بەزمانی بنەڕەتی نوسینەکە، کە زمانی عەرەبییە خراوەتەڕوو و لەگەڵ دەقە کوردییەکەدا بەراوردکراوە، دواتر هەمان دەق جارێکی تر ڕێکخراوە و داڕێژراوەتەوە. لە کوتاییدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو لەگەڵ پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی عەرەبی و ئنگلیزی.

# بەشی یەکەم: زمانی پەخشانی زانستی و تایبەتمەندییەکانی

## سەرەتا:

بەشێوەیەکی گشتی نوسین هەوڵێکی مرۆڤە، بۆ تۆمارکردنی بیروبۆچونەکانی و پاراستنیان لە فەوتان و لەناوچوون. بێگومان شێواز و جۆری ئەم نوسینانەش چەند جۆرێکن. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بیخەینەڕوو، جۆرێکە لەو نوسینانە کە پێی دەگوترێت پەخشانی زانستی. بەواتای ئەوەی ئەو نوسینانەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەمانەوێت بە نموونە بیهێنینەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، لە چواچێوەی جۆرێك لە پەخشاندا ڕێکخراوە، پێی دەگوترێت پەخشانی زانستی. پەخشانی زانستیش لەڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئێمە تەنیا ئەو لایەنانە دەخەینە بەر باس و سەرنجیان لەبارەوە دەدەین، کە پەیوەندی بە کارەکەی خۆمانەوە هەیە، ئەویش بریتییە لە لایەنی (زمان) ی نوسینەوەی پەخشانەکە.

پەخشانی زانستی ناوەرۆکێکی تایبەتی هەیە، کە جیاوازە لە جۆرەکانی تری پەخشان بەتایبەتی پەخشانی ئەدەبی، چونکە ((هەر نوسینێکی کە ژیری و زانیارییەکی ڕووتی تێدا بێت وەکو منگق، ئەندازە، کیمیا،... لە چوارچێوەی ئەدەبی دەردەچێ ))[١]. کەواتە ئەم جۆرە ناوەرۆکە دەبێت بە زمانێك بنوسرێتەوە، جیاواز بێت لەو زمانەی کە نوسینی ئەدەبی پێ تۆمار دەکرێت. زانستیش بریتییە لە کۆمەڵێك ڕاستی، ئەم ڕاستییانە کۆ دەکرێنەوە و دەکرێن بە وتار، یان کتێب و پێشکەش بە خوێنەر دەکرێن. زمانی دەربڕینی ئەم ڕاستییانەش، یان زمانی دەربڕینی زانیاری جیاوازە لە زمانی دەربڕینەکانی تری وەك ئەدەب یان شیعر یان پەخشانێکی ئەدەبی. جا ئەو زمانە ((تا وردتر بێت و ڕووت تر بێت باشتر ڕێگا لە دەرکەوتنی کەسێتی نوسەر دەگرێ و بەم جۆرە زمانی زانیاری هەر ورد و پاگژ دەبێتەوە تا ئەگاتە زمانی بیرکاری ))[٢].

جگە لەمەش ئەو دوو کتێبەی ئێمە هەڵمانبژاردوون، بۆ ئەوەی هەڵیان بسەنگێنین، زانیارییەکانیان لە بنەڕەتدا بە زمانی کوردی نەبووە. بەڵکو بە زمانێکی تر نوسراونەتەوە، پاشان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی. وەرگێرانیش هونەر و شارەزایی چاکی پێویستە، تاوەکو زانیارییەکان و بیرۆکەکان وەکو خۆی بگات بە خوێنەر. بۆیە بەپێی پێویست، لە میانەی کارەکەماندا هەوڵ دەدەین دەقە زانستییەکان بە هەردوو زمانەکە بەیەك بگرین و تیشك بخەینە سەر جۆری تێگەیشتن لە دەقە کوردییەکە و بزانین زمان تا چەند کاریگەری هەبووە لەو تێگەیشتنەدا و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.

ناساندنی پەخشانی زانستی:

هەندێك جار بە شێوازی زانستی ناو دەبرێت، کە ((بریتییە لەو شێوازەی کە بەکاردێت بۆ داڕشتنی زانیارییە ڕووتەکان وەك پزیشکی و ئەندازیاری و فیزیا و کیمیا و جەبر... هتد))[٣]. دیارە شێوازی نوسینی ئەم جۆرە پەخشانە تایبەتە و لە ئەوانی تر جیادەبێتەوە، چونکە پەخشانی زانستی ((ئەو جۆرە پەخشانەیە کە ڕاستەقینەی زانیاری دەردەبڕێت... هەستی نوسەرەکەی تێکەڵ نابێت بۆیە کەسێتی نوسەرەکە دەرناکەوێت ))[٤].

بەگشتی پەخشانی زانستی لە سەر دوو کۆڵەگەی سەرەکی دامەزراوە، ئەوانیش بریتین لە: یەکەم بیرۆکەکان، دووەم واتا و شێوە(سیغە) ی قسەکردن[٥].

---

[١] – عزیز گەردی (١٩٧٤ ) ئەدەب و ڕەخنە،چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، لا٢١ .

[٢] – هەمان سەرچاوە لا ١٧ .

[٣] – انواع الاسلوب وخصائصها، الجزیرة http://www.al-jazirah.com/2001/20010520/tl9.htm

[٤] – عەزیز گەردی(١٩٨٧) پەخشانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، لا٥ .

[٥] - انواع الاسلوب وخصائصها، الجزیرة http://www.al-jazirah.com/2001/20010520/tl9.htm

تایبەتییەکانی پەخشانی زانستی:

پەخشانی زانستی چەند تایبەتییەکی هەیە، کە بە هۆیانەوە لە جۆرەکانی تر جیا دەبیتەوە و بریتین لەمانەی خوارەوە [٦]:

١- چارەسەرکردنی بابەتە زانستییەکان.

٢- دوورکەوتنەوە لە ئاڵۆزی و تێکچڕژان.

٣- شێوازێکی ئاسان و خۆکردی هەیە.

٤- ژمارەو زاراوەی زانستی تێدا بەکاردێت.

٥- هەست و سۆزی تێدا نییە.

٦- وردی لە بەکارهێنانی دەربڕینە زمانییەکان و دیاریکردنی واتاکانیان.

٧- کەسایەتی نوسەری تێدا دەرناکەوێت.

٨- عەقڵ دەدوێنێت بە مەبەستی تێگەیشتن و قەناعەت هێنان بە ڕاستییە زانستییەکان.

٩- لایەنی ڕەوانبێژی تێدا بەدی ناکرێت.

١٠- چینێکی تایبەت بە بوارەکە دەدوێنێت، کە بریتین لە قوتابی یان (اهل العلم).

لەو تایبەتمەندیانەی سەرەوەدا ئەوەی جێگای بایەخی باسەکەی ئێمەیە، تەنیا ئەو لایەنانەن کە پەیوەندیان بە زمانی نوسینەوە و دەربڕینی ڕاستییەکانەوە هەیە. کە ئەویش دەبێ زمانێك بێت دوور لە لایەنەکانی ڕەوانبێژی و بەتاڵ بێت لە هەست و سۆز.

هەروەها مەرج نییە ڕاستییە زانستییەکان بە زمانێکی پەتی بنوسرێنەوە، بەڵکو باشتر وایە زمانی نوسینەوەی پەخشانی زانستی، زمانێکی سادەو ئاسان بێت و تەنیا یەك خوێندنەوەی بۆ بکرێت و واتای جیاجیا هەڵنەگرێت.

زمانی پەخشانی زانستی و زاراوە:

لە ڕووی زاراوەوە باشتر وایە زاراوە زانستییە جیهانییەکان بەکاربهێنرێن، بۆ دەربڕینی نوسینی زانستی. گونجاو نییە بە بیانووی پاراستنی زمانی پەتی کوردییەوە، لە جیاتی زاراوەی (پایسکل)، زاراوەی (ئەسپی ئاسنین )بەکاربهێنین. ئەمە تا ڕاددەیەکی زۆر بۆ زمانی ئاخاوتن ناشێت، چ جای ئەوەی بۆ نوسینێکی زانستی، چونکە لە بواری زانستیدا بۆ ئاڵ و گۆڕکردنی بیرو بۆچونی زانستی، گەلانی دونیا لە پەیوەندییەکی بەردەوام و بەتیندان. هەر بۆیە هەندێك لەو زاراوە زانستیانە، سروشتێکی جیهانییان وەرگرتووە وەك زاراوەکانی (لۆغاریتم، نیوتن، ئەنیمۆمەتر، کلۆرۆفیل،...هتد). زۆربەی زمانەکان بەکاری دەهێنن، نابێ ئێمەش بەدەربین لەم ڕەوتە جیهانییە. لەگەڵ ئەمەشدا وەرگرتنی زاراوەی جیهانی هیچ کاتێك بە عەیبە دانانرێت، بەڵکو نیشانەی زیندوویی زمانەکەیە [٧]. بۆیە بەکارهێنانیان نەك عەیبە نییە، بەڵکو پێویستییەکی سەردەمە، ئەگەر بەکاریان نەهێنین ئەوا دەبێتە مایەی گران تێگەیشتن لە بابەتە زانستییەکاندا. دیارە ئەو زمانەی پەخشانی زانستی پێ دەنوسرێتەوە پڕیەتی لە زاراوەی زانستی، ئەمە لە هەموو زمانێکدا ڕەنگی داوەتەوە. زمانی کوردیش لەم چوارچێوەیە دەرناچێت، بۆیە لەو زمانە کوردییەی کە زانستی پێ دەنوسرێتەوە، باشتر وایە زاراوە زانستییە جیهانییەکان بەکار بهێنرێن. زاراوەی جیهانیش بەوە پێناسەکراوە، کە((واژەیەکە ئەمڕۆ لەلایەن نەتەوە پێشکەوتووەکانەوە بۆ یەك واتای زمانی و تاقە مەبەستێکی شارستانی و یاخود ڕۆشنبیری و دەربڕینی ئەرکێکی یەکگرتوو بەکاردەهێنرێ.))[٨].

---

[٦] - بڕوانە : خصائص فنون النثر وخصائص الاساليب الكتاب، http://nahar.hisforum.com/t9126-topic

[٧] - بڕوانە: كامل حسن البصير(١٩٧٩)، زاراوەی کوردی،چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، لا ٥١ و لا ١١٧ .

[٨] – بڕوانە: كامل حسن البصير، زاراوەی کوردی، لا ١١٤ .

کەواتە ئەمڕۆ لەو سەردەمی جیهانگیری و پێشکەوتن و تێکەڵییە بەرفراوانەی بە هۆی تەکنەلۆژیاوە لەنێوان گەلانی جیهاندا بوونی هەیە، ناکرێت ئێمە لەکاتی نوسینەوە، یان وەرگێرانی بابەتێکی زانستیدا، زاراوە زانستییە جیهانییەکان بەکارنەهێنین و فەرامۆشیان بکەین.

جگە لەمە جاری وا هەیە، نوسەرێك یان لێکۆڵەرێك، فۆڕمێك بۆ زاراوەیەکی جیهانی دادەتاشێت و لە نوسینەکانیدا بەکاری دەهێنێت، کەچی ئەو فۆڕمە یان ئەو زاراوەیە لەناو خەڵکیدا ناڕوات و خەڵکی بەکاریناهێنن. بۆ نموونە عەرەب لە بەرامبەر زاراوەی (تەلەفزیون) دا، زاراوەی (مشواف) یان داتاشی و زۆر هەوڵیان بۆ دا، بەڵام خەڵك ئەم زاراوەیەی وەرنەگرت، هەرفۆرمە جیهانییەکەیان بە کەمێك گۆڕانی فۆنۆلۆجییەوە بەکارهێنا ، چونکە جێگیربوونی زاراوە لەزمانی هەر میللەتێکدا هۆکاری خۆی هەیە ((ئەم هۆکارەش پەیوەندی بە بارودۆخی گەلانەوە هەیە و مەرج نییە دوو نەتەوە هەمان بارودۆخیان هەبێ بۆ جێگیربوونی زاراوە، بەڵام بە نیسبەت زمانی زانستی و ئەو زاراوانەی کە بەکاری دەهێنێت تەواو جیاوازە ))[٩]. جاری وا هەیە کە زاراوەسازەکان، یان ئەوانی زاراوە ساز دەکەن، لە بەرامبەر زاراوەیەکی جیهانیدا، زاراوەیەکی کوردی دادەتاشن، بەڵام ((خەڵك هەر وشەو زاراوەی کۆن بەکار دەهێنن و وشەو زاراوە نوێیەکان هەر لەناخی فەرهەنگ و کتێبەکاندا دەمێننەوە، بۆ نموونە وشەی گەردیلەمان بەرامبەر (ڎرە) ی عەربی و (ئەتۆمی) ئینگلیزی بەکارهێناوە، کەچی خەڵکی هەر (ئەتۆم) بەکاردەهێن، ناڵێن بۆمبای گەردیلەیی، بەڵکو دەڵێن بۆمبای ئەتۆمی.))[١٠]

ئەمەی سەرەوە ئەوە ناگەیەنێ، کە ئێمە بەهیچ شێوەیەك زاراوەی ڕەسەنی کوردی لەنوسینی زمانی زانستدا بەکارنەهێنین، بەڵکو جاری وا هەیە لە بری زارەوەیەکی جیهانی، لەزمانی کوردی زاراوەی لەبارمان هەیە بۆ گەیاندنی ئەم چەمکە، بۆیە بەکارهێنانی زۆر ئاساییە. بەڵام ((ئەگەرهاتو لە زمانی کوردی وشەیەکی پڕاوپڕی مەبەست و واتای زاراوەیەکی جیهانی نەبوو دەبێ ئەو زاراوە جیهانییە وربگرین و پێویست بەوە ناکات، وشەی نابەجێی وای بۆ دروست بکەین، کە لەگەڵ مەبەستەکەیدا نەگونجێت و نەتوانێ واتاکە بە تەواوی بگەیەنێ ))[١١].

## زمانی پەخشانی زانستی و یاسا سینتاکسییەکان:

زمانی کوردی وەکو هەموو زمانەکانی تر پەیڕەوەی کۆمەڵێك یاسای سینتاکسی دەکات بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی. بەم پێیە کاتێك بیرۆکەیەك دەردەبڕین و لە قسەکردندا بەرجەستەی دەکەین، پاشان ئەم بیرۆکەیە دەکەین بە نوسین، پێویستە ئەم نوسینە کۆمەڵێك یاسای سینتاکسی پەیڕەو بکات، کە لەناو زمانەکە خۆیدا بەشێوەیەکی سروشتی بونیان هەیە و تایبەتن بەزمانەکە. نەوەکو پەیڕەوی هەندێ یاسا بکرێت کە تابەت بن بەو زمانانەی نوسینەکانیان لێ وەردەگیرێت. چونکە لە پرۆسەی کاریگەربوونی زمانەکانی دونیا بە یەکتری، ئاساییە لە ڕووی مۆرفۆلۆجی و زاراوەوە، زمانێك کاریگەری لەسەر زمانێکی تر هەبێت، وەك ئەوەی زمانی کوردی هەندێ جار بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی، زاراوە یان وشە لە زمانێکی تر وەردەگرێت. (ئەمەش شێواز و سنوری خۆی هەیە ). بەڵام ئاسایی نییە ئەم کاریگەر بوونە بەزەقی لە ئاستی سینتاکس ڕەنگ بداتەوە، بەواتای ئەوەی ئەگەر وەرگرتن بپەڕێتەوە بۆ ئاستی سینتاکس کارێکی مەترسیدارە، چونکە وادەکات زمانەکە سیمای ڕێزمانی خۆی لەدەست بدات. بۆ نموونە ئێمە لەکاتی وەرگێڕانی دەقێکدا، جگە لە وشە و واتای وشە و

[٩] – بڕوانە: مصطفى طاهر الحيادرة (٢٠٠٣) من قضيا المصطلح اللغوي العربي، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، الاردن، لا١١٧ .

[١٠]- کەمال جەلال غەریب (٢٠١٢) پڕۆژەی زاراوەی زانستی کوردی، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، لا٢٣ .

[١١] – بڕوانە: کامل حسن البصير، زاراوەی کوردی، لا١١٦ .

بیرەکان، دەقەکە یان بیرۆکەکان بەهەمان ئەو یاسا سینتاکسیانەوە وەربگرین، کە لە زمانی دەقە ڕەسەنەکەدا هەیە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەرنجی ئەم نموونەیە بدە:

- ماجد مۆڵ دەکەوێتە شاری هەولێر.

ئەمەی هێلی بەژێردا هاتووە بریتییە لە فرێزێکی ناوی فراوانکراو، فرێزی ناوی لە زمانی کوردیدا بەهۆی دیارخەرەکانی (پێش و پاش) سەرەوە فراوان دەکرێت. بەواتایەکی تر لە فرێزی ناوی فراونکراودا، جگە لە سەرەی فرێز ((کۆمەڵێ کەرستەی تر بەشداری دەکەن لە فراوانکردنی گرێی ناویدا، ئەو کەرستانەش دەکرێن بە دوو دەستەی جیاوازە، هەندێکیان دەکەونە پێش سەرە و... هەندێکیان دەکەونە دوای سەرە و ئەرکی دیارخەر دەبینن ))[١٢].

(ماجد مۆڵ) لە بنەڕەتدا لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، لە زمانی ئینگلیزیدا دیارخەرەکان دەکەونە پێشەوەی سەرە، بە پێچەوانەی زمانی کوردی، کە دیارخەرەکە دەبێت لە دوای سەرەوە بێت. بەم پێیە ئەم فۆرمە دەبێت ببێت بە (مۆڵی ماجد)، بەواتا (بازاڕی ماجد) نەك (ماجد بازاڕ)، لێرەدا لەگەڵ وەرگێڕانی وشەی (مۆڵ) دا ئێمە یاساکەشمان وەرگرتوە، کە بۆ زمانی کوردی ناگونجێت. لە خوارەوەدا هەندێك یاسای سینتاکسی زمانی کوردی دەخەینە ڕوو:

## ڕیزبوونی کەرستە:

هەر زمانێك بە پێی سروشتی خۆی پەیڕەوی جۆرە ڕیزبوونێکی تایبەت دەکات. لە ڕیزکردنی کەرستەکانی ڕستەدا، وەك: VSO ، SOV، SVO، ((جۆری SOV ئەوانەن فرمانیان دەکەوێتە دوای بەرکار وەك زمانی کوردی))[١٣]. ئەمە ئەگەر تەنیا کەرستە سەرەکییەکان بەشدار بوون لە ڕستەدا. وەك:

ئازاد کتێبەکەی کری.

ئەم یاسایە تا ڕاددەیەك لە زمانی کوردیدا چەسپاوە ، تەنیا لە هەندێك باردا نەبێت کە پێویست دەکات شوێنی کەرستەکان بگۆڕدرێت.

جگە لەم سێ کەرستەیەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، کەرستەی تریش لە ڕستەی زمانی کوردیدا بەشداری دەکەن و پێیان دەگوترێت ئاوەڵگوزارە، کە زانیاری زیاتر لەبارەی ڕوودانی کاری ڕستەکە پێشکەش دەکەن. بەڵام شوێنیان جێگیر نییە و دەکرێت لەهەر شوێنێکی ڕستەدا بێن. لەگەڵ ئەمەشدا هەر بەتەواوی لەڕووی شوێنەوە ئازاد نین، چونکە بەپێی پلە شوێنیان دیاری دەکرێت، کەواتە ئاوەڵگوزارە (( لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ڕستەدا دێت، بەڵام پلەی بەهێز و بێ هێزی هەیە. شوێنی بەهێزی ئاوەڵگوزارەکە بە پێی جۆرەکەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئاوەڵگوزارەی کاتی لە هەموو لایەکی ڕستەدا دێت، بەڵام بەهێزترین شوێنی ئەوەیە کە دەکەوێتە سەرەتا (پێش بکەر). ))[١٤].وەك:

- دوێنێ منداڵەکە تۆپەکەی کڕی. پلەی یەکەم
- منداڵەکە دوێنێ تۆپەکەی کڕی. پلەی دووەم
- منداڵەکە تۆپەکەی دوێنێ کڕی. پلەی سێیەم
- منداڵەکە تۆپەکەی کڕی دوێنێ. پلەی چوارەم

[١٢] - طالب حسين علي(١٩٩٨)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، لا ٧٧ .

[١٣] - وریا عمر امين ( ٢٠٠٤)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم،هەولێر لا ٢٣٨ .

[١٤] - ئاوازحەمەصدیق بەگیخانی (١٩٩٦)، ڕیزبوونی کەرستە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، لا ٧٨ .

ئەمە ئەگەر لە ڕستەکەدا تەنیا ئاوەڵگوزارەی کات هەبوو ((بەڵام ئەگەر لە ڕستەیەکدا ئاوەڵگوزارەی کاتی و شوێنی و چۆنییەتی کۆبوونەوە، ئەوا ئاوەڵگوزارەی کاتی پێش دەکەوێت و بەم شێوەیە.. ڕیز دەبن (کات + شوێن+ چۆنییەتی) )[١٥].

لە ڕیزبوونی کەرستەکانی ڕستەدا زۆر شتی تر هەن کە تاراددەیەک لە ڕووی شوێنەوە، لەزمانی کوردیدا پەیڕەوی یاسا دەکەن ، وەك( دیارخەرەکان، ئامرازی سەرسوڕمان... هتد). لەشوێنی خویدا ئاماژەیان پێ دەدەین.

## ئامراز لە زمانی پەخشانی زانستیدا:

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە پێویستە لە سەرەتادا ڕۆڵی ئامرازەکان لە زماندا دەستنیشان بکەین بەگشتی، ئینجا تیشك بخەینە سەر زمانی پەخشانی زانستی. چونکە لە ئەنجامدا زمانی پەخشانی زانستیش دەچێتە چوارچێوەی زمانی نوسینەوە، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێك تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە ئامرازەکان شوێن و ئەرك و بەکارهێنانیان لە زمانی نوسین بەگشتی چۆن بێت، لە زمانی پەخشانی زانستیشدا بە هەمان شێوە دەبێت.

ڕێزمان نوسە کوردەکان ئامراز بە بەشێکی ئاخاوتن دادەنێن و پێیان وایە ئەرکیان بریتییە لە بە یەکبەستنەوەی بەشەکانی ڕستە و بەوە پێناسە دەکرێن کە ((وشەیەکی بەستراوە قەوارەیەکی سەربەخۆی هەیە، بەڵام واتایەکی سەربەخۆی نییە هەتا نەخرێتە پاڵ وشەیەکی سەربەخۆ لە ڕستەدا))[١٦].کەواتە دەتوانین بڵێین ئامرازەکان لەزماندا ئەرکی ناوئاخن دەبینن و کەلێنەکان پڕ دەکەنەوە، بۆ ئەوەی ڕستە واتای تەواو ببەخشێت. لە زمانی کوردیدا ئامراز دەکرێت بە چەند بەشێکەوە وەك: ئامرازەکانی ((بانگکردن، پرسیار، سەرسوڕمان، پەیوەندی، بەستنەوە... هتد))[١٧]. بەوردی چونە ناو بنج و بناوانی ئەو بابەتە لەم باسەی ئێمەدا لەسنوری باسەکە دەردەچین. بۆیە تەنیا ئاماژە بە هەندێك جۆر لەو ئامرازانە دەکەین، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە باسەکەوە هەیە و بە هەڵە بەکارهێنانیان، چ لەزمانی نوسین بەگشتی و چ لە زمانی پەخشانی زانستی بە تایبەتی، دەبێتە هۆی پێچەوانە بوونەوەی واتا و تێکدانی.

### پاشبەندی (دا) و (دوە):

ئەم دوو پاشبەندە لە دوای پریپۆزیشنی (لە) و (بە) وە دێن و وەکو تەواوکەری پریپۆزیشنەکان بەکاردێن، سروشتی واتایی پریپۆزیشنەکان داوایان دەکەن.[١٨] بەکارنەهێنان و لابردنی ئەم پاشبەندانە، هەندێك جار لەزمانی قسەکردنی خەڵکدا، ئاساییە و نابێتە هۆی گۆڕینی واتا. وەك:

- لە ئێمەوە بۆ ئێوە --- لە ئێمە بۆ ئێوە
- لە باخەکەدا نوستبووم ------ لە باخەکە نوستبووم.

هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەموو کات بەکارنەهێنانی ئەم پاشبەندانە لە شوێنی خۆیدا، گرفتی واتایی دروسی ناکات. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لە زمانی نوسیندا، دەبێ هەڵە نەکرێ لە بەکارهێنانیاندا. هەندێکجار تێبینی ئەوە دەکرێت لەکاتی نوسیندا بەتایبەتی ئەوانەی پسپۆڕیان لە ڕێزماندا نییە و بابەتی زانستی دەنوسن، بەزۆری ئەم پاشبەندانە بەکارناهێنن، یان لەو شوێنانەدا دەیاننوسن، کە لە بنەڕتدا شوێنی خۆی نییە و نابێ لەوێدا بەکاربێن، ئەمەش کاریگەری لەسەر نوسینەکە دەبیت، بەتایبەتی ((لە بەکارهێنانی ئامرازی (بە) و(لە) دا، چونکە (هەردوو ئامرازی (بە) و (لە) دەتوانن

---

[١٥] – ئاوازحەمەصدیق بەگیخانی، ڕیزبوونی کەرستە لە زمانی کوردیدا،لا٨١ .

[١٦] – لێژنەی دەستوری زمانی کوردی(١٩٨٥)، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا، لا٣٠ .

[١٧] – ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، ئامراز لەزمانی کوردیدا، لا٢ .

[١٨] – لێژنەی زمان و زانستەکانی لەکۆڕی زانیاری کورد(٢٠١١)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر لا٢٦٠ .

پاشپرتی (دا) یان (ەوە) وەربگرن. بێگومان لە ئەم کردەوەیەدا واتای ئامرازەکان دەگۆڕێت بە دیوارێکی دیدا. تەنانەت ناتوانرێت ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێت لە دەستەواژەیەکدا. بۆ نموونە هەریەك لە (بەتۆ، بەتۆوە، بەتۆدا) بەکارهێنانی تایبەتیان هەیە، یان بە هەمان شێوە ( لەتۆ، لەتۆوە، لەتۆدا) هەر یەکێکیان سەربەخۆیی خۆیان هەیە و باری پەڕپوتی و هەڕەمەکی پەسەند ناکەن ))[19]. بەم پێیە لەهەر شوێنێك (بە) هەبوو، مەرج نییە (دا) یان (ەوە) وەربگرێت، بەڵکو هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە. وەك:

- *من بە ئێوە وە دەڵێم
- *من بە ئێوە دا دەڵێم
- *من لە ئێوە دا دەلێم

## ئامرازی لێکدەری (کە ):

ئەم ئامرازە لە زمانی کوردیدا لە نێوان شاڕستە و پاڕستەدا بەکاردێت و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە و دەکەوێتە بەشی پاڕستەوە.((ئامرازە لێکدەرەکان بە گشتی لەو لاڕستانە دێن، کە بەشێکن لە گوتنی گەورەتر ئەم لێکدەرانەش بریتین لە ئامرازی پەیوەست(ئەگەر، هەتا،...هتد ) و لێکدەری /کە/ ))[20]. ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لێرەدا زیاتر تیشکی بخەینە سەر ئامرازی لێکدەری(کە)یە. وەك لەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد ئەم ئامرازە دوو ڕستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە(لەو جۆرە ڕستانە بەکار دەهێنرێت کە پێیان دەوترێت ڕستەی ئاوێتە، ئەویش لە زیاتر لە ڕستەیەکی سادە پێك دێت، کە تەنیا ڕستەیەکیان سەرەکییە و ناتوانرێت لابدرێت و پێی دەوترێت شاڕستە و ئەوانی تر لاوەکین و پێیان دەوترێت پاڕستە، هەر یەکێك لەو لاڕستانە لایەنێکی ڕستەی سەرەکی ڕوونتر دەکاتەوە)[21]. وەك:

- مۆبایل، کە ئامرازێکی زۆر بچوك و تازەیە، پەیوەندییەکانی ئاسان کردووە.

لەم ڕستەیەی سەرەوە (مۆبایل پەیوەندییەکانی ئاسانکردووە ) شاڕستەیە و ( ئامرازێکی زۆر بچوك و تازەیە ) پاڕستەیە، بەهۆی ئامرازی (کە) وە لێکدراون.

پێویستە ئاگاداری بەکارهێنانی ئامرازە (کە) بین، چونکە شوێنی تایبەت بە خۆی هەیە و ناکرێت بەپێی حەز و ئارەزووی نوسەر لە هەر شوێنێك ویستی ئەم ئامرازە بەکاربهێنێت. چونکە (ئامرازی لێکدەری (کە) دەورێکی گرنگ لە لێکدانەوەی بکەری لاڕستەی لاوەکیدا دەبینێت)[22]. بۆیە ئەگەر لە ڕستەیەکدا ئەم ئامرازە پێویست بوو و ئێمە دامان نەنا، ئەوا دەبێتە هۆی دروستبوونی لێڵ واتایی. وەك لەم نموونەیە ڕوونتر دەبێتەوە:

- ئازاد داوای لە باوکی کرد بچێت بۆ قوتابخانە.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا دەکرێت ئاماژەکان بۆ (ئازاد)یان بۆ (باوك) بن. واتە بە دوو جۆر لێکبدرێنەوە، یەکەمیان ئەگەر ئاماژەکان لەگەڵ (ئازاد) بن، بە واتای ئەوە دێت کە ( ئازاد داوای لە باوکی کردووە ڕێگای پێ بدات کە بچێت بۆ قوتابخانە )، بەڵام لە دووەمیان ئەگەر ئاماژەکان بۆ (باوك) بن، بە واتای ئەوە دێت کە ( ئازاد داوای لە باوکی کردووە کە باوکی بچێت بۆ قوتابخانە). ئەم لێڵیە کاتێك نامێنێت ئەگەر هات و ئامرازی لێکدەری (کە) بەشداری کردوو لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی دانرا. وەك:

---

[19] – شێرکۆ بابان(٢٠٠٩)، ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی لەئاستی زمانی نوسیندا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، لا٦٢ .

[20] – محمد معروف فتاح(٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر لا٢٢٨ .

[21] – عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ (٢٠٠٦)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، کتێبفرۆشی سۆران، چاپی دووەم، هەولێر لا٣٦–٤١ .

[22] – بڕوانە: میدیا جلال مجید(٢٠١٢)، سینتاکس و سیمانتیکی بەستنەوە لە زمانی کوردید، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردەی مرۆڤایەتی، لا٦٦ .

- ئازاد داوای لە باوکی کرد، کە بچێت بۆ قوتابخانە.

لەم ڕستەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بە دانانی ئامرازی (کە) زیاتر ئاماژەکە لەگەڵ ئازاددا نیشانە دەکرێت، واتە مەبەست ئەوەیە کە ئازاد بچێت بۆ قوتابخانە نەك باوکی[٢٣].

ئامرازی لێکدەری (و): ئەمەش یەکێکە لە ئامرازە لێکدەرەکان. ئامرازە لێکدەرەکانیش ناچنە ناو پێکهاتی ڕستەکانەوە، تەنیا ئەرکی بەیەك بەستنەوەی دوو ڕستەی سادە یان زیاتر دەبینن. هەردوو لای ڕستەی لێکدراو بە یەکسانی ڕادەگرن و ڕستەکان هیچیان شوێنکەوتووی ئەویتریان نین[٢٤]. ئامرازی لێکدەری (و) لەو جۆرە ڕستانەدا بەکاردێت، کە لەڕووی ئەنجامدانی کاری ڕستەکانیانەوە هاوڕێکن و لە شێوەی ئەرێ دان و هەمان ئاراستە وەردەگرن، هەندێ جاریش لە نوسیندا وێرگوڵ (،) لەجیاتی ئەم ئامرازە بەکاردێت.[٢٥]

## ڕەنگدانەوەی شێوازی ئاخاوتن لە ڕێنوسی پەخشانی زانستی:

ڕێنوسی کوردی تاکو ئێستا لە نوسیندا پەیڕەوی جۆراوجۆری دەکات ، بەو واتایەی دەتوانین بڵێین جۆرێك لە پاشاگەردانی لە ڕێنوسی کوردیدا هەیە. ڕێزمان نوسە کوردەکان تاکو ئێستا لەسەر جۆرێکی یەکگرتوو ڕێك نەکەوتوون. ئەوەی نائاساییە ئەوەیە، کە ئەم پاشاگەردانییە لە ڕێنووسی کتێبەکانی خوێندنیشدا ڕەنگی داوەتەوە.

ڕێنوسی کوردی تا ڕادەیەك پەیڕەوی نوسینی فۆنیمی دەکات، یەکێك لە چاکەکانی ئەم جۆرە نوسینە ئەوەیە ئەو گۆڕانانە پشت گوێ دەخات، کە لە ئەنجامی پرۆسەی گۆڕانکاری لەزماندا هاتوونەتە کایەوە، بەواتای ئەوەی کاتێك دەنگێك بەهۆی کاریگەری دەنگەکانی تر، گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانە لە ڕێنوسدا نابێت پیشان بدرێت، ئەگەرنا ڕێنووسەکە بەرەو فۆنەتیکی دەڕوات و ڕێزمان دەشێوێنێت و بنچینەوی وشە ون دەبێت، ڕێنووسی کوردی زۆر جار پەیڕەوی ئەم یاسا فۆنیمییە دەکات و هەندێك جاریش لێی لادەدات. ئەمەش دەبێتە هۆی درووست کردنی کێشە لە ڕێنوسدا، زۆرجار هەندێك وشە لە زماندا دوو شێوەی نوسینیان دەبێت.[٢٦] وەك:

- نیشانەی نەناسیاوی (ئێك) دەبێت بە (ئێ)، یەکێك ⟵ یەکێ، هەندێك ⟵ هەندێ
- نیشانەی فەرماندان: ڕابکە ⟵ ڕاکە
- سوانی کونسنانتی کۆتای: سەگ ⟵ سە
- هەڵهات ⟵ هەڵات

هەندێك جاریش پێچەوانەی ئەمەی سەرەوە دەبینرێت، کاتێك دەنگێك لە ئەنجامی گۆڕان درووست دەبێت و دێتە ناوەوە، ئەوا لە ڕێنوسدا دەنوسرێت. وەك:

- بدەوە ⟵ بدەرەوە ، بکەوە ⟵ بکەرەوە ، بخە ⟵ بخەرە

---

[٢٣] – بڕوانە: میدیا جلال مجید، سیناکس و سیمانتیکی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا لا٦٦ .

[٢٤] – ڕەفیق محمد محێدین شوانی(١٩٩٧)، ئامرازی بەستنەوە لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردەی ابن ڕشد، زانکۆی بغداد، لا٤٤–٤٥

[٢٥] – بڕوانە: عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، لا٣٢–٣٣ .

[٢٦] – بڕوانە: محمد معروف فتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، لا٦٠ .

## زمانی پەخشانی زانستی و خاڵبەندی:

نیشانەکانی خاڵبەندی لە نوسیندا وەکو چاوساغی وان و ڕێگاکان بۆ خوێنەر ڕۆشن دەکەنەوە و لە هەڵە تێگەیشتن دەیپارێزن. دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم نیشانانە لە ناو دەقە نوسراوەکاندا ((وەکو نیشانەکانی پەڕینەوە و ئۆتۆمبیل و هاژوشتن وان لەسەر شەقامەکان. ئەویان ئاسانکاری دەکات بۆ تێگەیشتنی ڕاستەقینە لە مەبەستی تێکستەکان، ئەویتریشیان ئاسانکاری دەکات بۆ هاتوچۆی شۆفێرەکان و پیادەڕۆکان، تا بەسەلامەتی بگەنە شوێنی مەبەستی خۆیان ))[٢٧].بە دروستی دانانی نیشانەکانی خاڵبەندی لەناو دەقەکاندا، وا لە خوێنەر دەکات خێراتر دەقەکە بخوێنێتەوە و ئاسانتر لێی تێبگات. بەپێچەوانەوە پەیڕەونەکردنی نیشانەکانی خاڵبەندی خوێنەر توشی بێزاری و هەڵەتێگەیشتن دەکات و وای لێدەکات چەند جارێك پەرەگرافێك بخوێنێتەوە تا لێی تێبگات. یاخو جاری وا هەیە لە ئەنجامی هەڵەکردن لە بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندیدا، زانیارییەکان بە تەواوی هەڵدەگەڕێنەوە و واتای پێچەوانەی بیرەکان دەدەن بەدەستەوە.

خاڵبەندی بریتیە لە کۆمەڵێك نیشانە، لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین [٢٨]:

- **خاڵ**: لە کۆتایی هەموو ڕستەیەك دادەنرێت، جگە لە ڕستەی پرس و سەرسوڕمان، هەروەها لەدوای پیت، یان زنجیرە پیتێك دادەنرێت لە وێنەی نیشانە کورتکراوەکاندا. وەك: (د.خ)
- **فاریزە**: لە نێوان ئەو ڕستە تەواونەکراوانەی کە پێکەوە ڕستەیەکی تەواو پێکدەهێنن، دادەنرێت. هەروەها لەدوای بانگکردن، لە جیاتی (و)، لە نێوان وشە هاوسەنگەکان،...هتد.
- **دوو خاڵ ( : )**: لە پێش هێنانەوەی گوتەدا دادەنرێت، لە کاتی ژماردنی بەشە پێکهێنەرەکانی شتێکدا، لە دوای ئەو وشانەی دەمانەوێت واتایان لێك بدەینەوە.
- **نیشانەی پرسیار ( ؟ )**: لە کۆتایی ڕستەی پرس، بۆ دەرخستنی گومان، بۆ گاڵتە پێکردن، بەکاردەهێنرێت.
- **نیشانەی سەرسوڕمان ( ! )**: لەکۆتای ڕستەی سەرسوڕمان و لە کۆتای هاوارکردن دادەنرێت.
- **فاریزەی خاڵ لە ژێر**: بۆ جیاکردنەوەی ئەو ڕستانەی کە لەڕووی بنیاد و ماناوە سەربەخۆ دێنە بەرچاو، بەڵام لە دەربڕینێکی دوور و درێژدا، پەیوەندی ماناییان پێکەوە هەیە، هەروەها لەکاتی هێنانەوەی نموونە و ڕونکردنەوەی پێویست لە پێش وشەی (وەك، بۆ نمونە، گریمان، واتە،... هتد) دادەنرێت.

جگە لەمانەی سەرەوە کۆمەڵێك نیشانەی تری خاڵبەندی هەن وەك: ( –، /، (( ))،...، *، //، =،...هتد ) کە بە پێویستی نازانین لەم باسەدا ئاماژە بە شوێنی بەکارهێنانی یەك بەیەکیان بکەین.

## زمانی پەخشانی زانستی و وەرگێڕان:

ئەوەی پەیوەندی بەزمانی کوردیەوە هەیە، ئەوەیە کە پەخشانە زانستییەکان (ئەوەی بەزمانی کوردی بەرچاو دەکەون ) زۆربەیان لە بنەڕەتدا دەقەکان بە زمانێکی تر نوسراون و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، ئینجا یان ڕاستەوخۆ لە زمانی دەقەکە وەرمان گرتووە، یان دەقەکە لە زمانە بنەڕەتییەکە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی دووەم، وەرگێڕەکانی ئێمەش لە زمانی دووەم وەریانگرتوە. کە ئەمە بۆتە هۆی سەرنەکەوتنی وەرگێڕەکانمان لە گەیاندنی واتای تەواو و پڕ بەپێستی خۆی لە وەرگێرانی دەقە زانستییەکاندا. بۆیە باشتر وایە لەکاتی وەرگێڕانی هەر دەقێکدا، زانیارییەکان لە دەقە بنەڕەتەکە وەربگیرێن.

---

[٢٧] – ڕێبوار سیوەیلی و مسلح ئیروانی(٢٠٠٣)، خاڵبەندی پراکتیکی، چاپخانەی ژیان، چاپی یەکەم، هەولێر لا ٦٧ .

[٢٨] – ڕێبوار سیوەیلی و مسلح ئیروانی(٢٠٠٣)، خاڵبەندی پراکتیکی، لا ١٠٧ .

کردەی وەرگێڕان تەنیا هەر ئەوە نییە کە وشەکان لە زمانی سەرچاوەوە وەربگێڕدرێنە سەر زمانی ئامانج، بەڵکو وەرگێڕان بریتییە لە ((دۆزینەوەی نزیکترین هاوتا بە ئەو زمانەی، کە وەرگێڕانی پێدەکرێت، لە پێشدا لە باری واتا و پاشان لەباری داڕشتنی شێواز و زاراوەوە))[٢٩]. کەواتە وەرگێڕان پێویستی بە شارەزایی و لێزانین هەیە تاوەکو کارەکە سەرکەوتوو بێت.

## جۆرەکانی وەرگێڕان:

لێکۆڵەرەکان بە چەند شێوەیەك جۆرەکانی وەرگێڕان دەست نیشان دەکەن و چەند پۆلینێکیان بۆ ئەم جۆرانە خستۆتە ڕوو. لە پوختەی ئەم بۆچوونانە بە شێوەیەکی گشتی ئەم سێ جۆرەی لێ دەستنیشان کراوە [٣٠].

وەرگێڕانی وشە بە وشە: لەم جۆرەدا واتای هەر وشەیەك لە زمانی سەرەتا بۆ هاوتاکەی وەردەگێڕدرێت لە زمانی مەبەستدا، بەمەش دەقەکە واتاکەی دەشێوێت، بەتایبەتی ئەگەر هاتو لە ناو دەقەکەدا (ئیدیەم) بوونی هەبێت. نموونەش بۆ ئەمە وەرگێڕانی ئامێرییە.

وەرگێڕانی دەقاودەق: لەم جۆرەدا پێکهاتەی زمانی دەقە بنەڕەتەکە دەستی لێ نادرێت و واتای وشەکان ناگۆڕدرێ، بەڵام ئاساییکردنەوەی ڕێك و پێکی وشەکان بەپێی ڕێزمانی وشەکان دەبێ. وەرگێڕانە زارەکییەکان بە زۆری لەم جۆرەن.

وەرگێڕانی ئازاد: لەم جۆرەدا (پێکهاتە زمانییەکان) ی زمانی دەقە بنەڕەتەکە لەبەرچاو ناگیرێ، بەڵکو واتای تەواو و ئازاد و گونجاو لەگەڵ یاساو چەمك و واتای زمانی مەبەست بە گونجانی ناوەرۆکی واتایی لەبەرچاو دەگیرێت.

وەرگێڕ لەکاتی وەرگێڕانی دەقە نوسراوەکاندا دەبێ زۆر وردبێت و ئاگاداری تەواوی واتای گشتی دەقەکە بێت، بەتایبەتی ئەگەر دەقەکە بریتی بوو لە دەقێکی زانستی وەك: ( کیمیا، فیزیا، زیندەوەرزانی،...هتد ). چونکە هەڵەیەکی بچوك سەر لەبەری واتای دەقەکە ئاوەژوو دەکاتەوە.

## بەشی دووەم: هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی زیندەزانی:

### سەرەتا:

ئەو زمانەی کە بابەتی ناو کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندنی پێ دەنوسرێتەوە، پێویستە کت و مت پەیڕەوی هەموو ئەو یاسا و ڕێنماییانە بکات، کە دەبێت لە کاتی نوسینی هەر پەخشانێکی زانستیدا پەیڕەو بکرێن, چونکە ئەم کتێبانە بۆ توێژێك دەنوسرێن، کە لە ناو بازنەی پەروەردەکردندان. بە واتای ئەوەی ئەم توێژە بە خوێندنی ئەو جۆرە کتێبانە، فێریش دەبن و پەروەردەش دەکرێن. هەروەها لەڕووی تەمەنەوە ئەو توێژە پێویستی بە زمانێك هەیە سوك و ئاسان لێی تێبگات، نەوەك بۆ تێگەیشتنی پەرەگرافێك، پێویست بەوە بکات چەند جارێك بیخوێنێتەوە و دووبارەی بکاتەوە. بەمەش نەوەستێت پرسیار لە مامۆستاکەی بکات ئینجا لە بابەتەکە تێبگات، یاخود بە هەڵە لێی تێبگات. ئەمە لەلایەك, لەلایەکی تر ئەگەر بێت و قوتابییەکان بەم جۆرە زمانە گۆش بکرێن و دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم بکەن، دواتر ئەمانیش لە کاتی نوسینی ڕاپۆرت و توێژینەوە زانستییەکان، بەهەمان زمان دەنوسن و هەمان ئەو هەڵانە دووبارە دەکەنەوە، کە لە نوسینی کتێبی پرۆگرامەکاندا دەرخواردیان دراوە. هەرچەندە زمانی کوردی شێوەیەکی فەرمی یان (ستاندەرد)ی بڕیار لەسەر دراوی نییە، بەڵام هەموومان هەست بەوە دەکەین، کە (زاری ناوەڕاست) شێوەی نیمچە ستانداردی وەرگرتووە و پرۆگرامی خوێندنیش لە

---

[٢٩] – پەروین عوسمان مستەفا عەللاف(٢٠٠٩)، واتا و وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر لا ١٨ .

[٣٠] - حسین یعقوبی، و : ئیسماعیل بەرزنجی (٢٠٠٧)، زمان وەرگێڕان و پەیوەندیە کلتورییەکان، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر لا٥٠ .

کوردستانی عێراقدا هەر بەم شێوەیە نوسراوەتەوە. بۆیە لەکاتی خستنە ڕووی هەڵەکانی ناو ئەم کتێبانەدا، زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی کراوە بە بنەما و بەگوێرەی یاساکانی ئەم نیمچە ستاندەردە، کتێبەکان هەڵسەدەسەنگێنین و ئەو بارانەی کە لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا باسکراون، بەسەر نوسینی ناو کتێبەکاندا پراکتیزەی دەکەین.

## کتێبی زیندەزانی و زاراوە:

ئاساییە لە نوسینی پەخشانی زانستیدا زاراوەی جیهانی بەکاربێت. مەرج نییە لە بەرامبەر هەر زاراوەیەکی جیهانیدا، ئێمە زاراوەیەکی کوردی دابتاشین. ئەم دیاردەیە لە کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەدا هەستی پێدەکرێت. واتە لەبری ئەوەی هەر زاراوە جیهانییەکە بەکاربهێنرێت، زاراوەیەکی بۆ داتاشراوە، یان بەپێی واتاکەی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار زاراوە وەرگێڕدراوەکە بە پێی شیکردنەوە هەمان واتا ناگەیەنێت، کە بۆی بەکارهاتووە. وەك زاراوەی (چاویلکەی پارێزەر[*]) ل١٦٦، ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، کە بریتین لە (چاویلکە) و (پارێزەر)، بەشی یەکەمی زاراوەکە کێشەی نییە، لە بەرامبەر (نظّارە)ی عەرەبیدا بەکار هاتووە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە بەشی دووەمی زاراوەکەیە کە بریتییە لە (پارێزەر)، کە لە ڕووی واتاوە کێشەی هەیە و ئەو واتایە ناگەیەنێ کە بۆی بەکارهاتووە. چونکە (چاویلکەی پارێزەر) بۆ چاویلکەیەك بەکاردێت، کە لەکاتی کارکردندا چاوەکان بپارێزێت، بەڵام لێرەدا واتاکەی بریتییە لە وە کە (پارێزەر) کەسێکە و چاویلکەیەکی هەیە و مولکی ئەوە. بۆیە باشتر وایە (چاویلکەی پاراستن)ل٥٣ ی بۆ بەکاربێت، کە کتێبەکە خۆی لە هەندێك شوێندا ئەمەی بۆ بەکارهێناوە.

هەروەها (نەمامی فاصولیا)ل١٧٣ زاراوەیەکی ترە کە جێگای سەرنجە، ئەم دەربڕینە زمانییە هەڵەکەی لەوەدایە، کورد هەردوو بەشی دەربڕینەکە بەکاردەهێنت، واتە (نەمام) و (فاصولیا)ش. بەڵام ئەم دوو وشەیە لەگەڵ یەکتری بەکارنایەن، چونکە نەمام بۆ دارێك بەکاردێت کە قەدی هەبێت و لە زەوی بەرزبێتەوە، وەك (نەمامی قەیسی، نەمامی سێو...هتد)، بەڵام بۆ ڕوەکە بچوکەکان یان گیاییەکان، هەر ڕوەك بەکاردێت و هەندێك جاریش (شتڵ) بەکاردێت وەك (شەتڵی تەماتە، شەتڵی تووتن...هتد)[*] . ئەم خشتەیەی خوارەوە هەندێك نموونەی ناو کتێبەکە دەخاتەڕوو، کە هەندێکیان لە بەرانبەر واتای خۆیان بەکار نەهاتون و هەندێکیشیان ئەگەر زاراوە جیهانییەکەیان بۆ بەکاربهاتایە باشتر بوو.

| زاراوە / وشە، یان دەستەواژە | ئەو واتایەی بۆی بەکارهاتووە |
|---|---|
| چاویلکەی پارێزەر.ل١٦٦ | چاویلکەی پاراستن. |
| نەمامی فاصولیا. ل١٧٣ | (ڕوەك/شەتڵ/برك)ی فاصولیا |
| مەیدانی پزیشکی.ل٩٠ | بواری پزیشکی |
| گەرمکەری کارەبایی. ل٥٤ | هیتەر/ هیتەری کارەبایی |
| پێنوسی مۆمی.ل٧٩ | ماجیك |
| چیلکەی لۆکەی پاکژ.ل٥٣ | گوێ پاککەرەوە |
| ڕۆکارە چینی بەردەوامی خانەیی. ل١٥٩ | کیوتیکڵ.ل١٥٩ |
| خۆ نقوم کەر. ل٤٣ | ئەوانەی دەچنە ژێر ئاوەکان |

*- بۆ دەسنیشانکردنی لاپەرەی نموونەکان لە کتێبی زیندەزانیدا، لە دوای نموونەکە یەکسەر ژمارەی لاپەڕەکەمان نوسیوە،بە شێوەیەك بۆ کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدەی ئامادەیی تەنیا ژمارە کە نوسراوە، بەڵام بۆ کتێبی زیندەزانی پۆلی دوازدەی ئاکادەیی ژمارەکە نوسراوە و ئەستێرەیەکی لە سەرە .

*- شەتل بۆ ڕووەکە گیاییەکانیش بەکاردێت و بۆ دارە بەرزەکانیش بەکاردێت

هەر لە بارەی زاراوەوە لەناو کتێبی زیندەزانیدا دیاردەیەکی تر هەستی پێدەکرێت ئەویش بریتییە لە فرەزاراوەیی، کە بەهۆی ئەوەی واتای زاراوەیەك فراوانکراوە و بۆ زیاتر لە چەمکێك بەکارهاتووە، یان بەهۆی بەکارهێنانی وشەی هاوواتاوە هاتووەتە ئاراوە. ئەمەش لە زمانی نوسیندا یان لە زمانی لێکۆڵینەوەی زانستیدا پەسند نییە, چونکە پێویستە نوسەر کاتێك لە بەرامبەر چەمکێکدا فۆرمێکی بەکارهێنا، پێویستە تا کۆتایی هەر ئەو فۆرمە بەکاربهێنێت، بە تایبەتی زمانی کوردی کە فرە دیالێکتە، نابێ بەپێی ئارەزووی نوسەر یان وەرگێڕ، لە هەر شوێنێك خۆی حەزی کرد فۆرمی جیاواز بۆ هەمان چەمك بەکاربهێنێت. بۆ نموونە:

زاراوەی (پێنووسی مۆمی) لە هەندێك شوێندا لەبری قەڵەمی (ماجیك) بەکار هاتووە،لا٥٣. هەروەها لە شوێنێکی تر لە بەرامبەر قەڵەمی (باستیل) بەکارهاتووە. ئەمەش پێچەوانەی بنەماکانی بەکارهێنانی زاراوەیە و دەبێتە مایەی سەرلێ شێوانی خوێنەر. بۆیە ئاساییە هەر زاراوە باوە ڕۆیشتووەکە بەکاربهێنرێت و بە خەوشیش دانانرێت، وەك (باستیل و ماجیك).

هەر لەبارەی قەڵەمی مۆمییەوە، لە کتێبەکەدا لە هەندێك شوێن (قەڵەمی مۆمی) بەکارهاتووە لا١٥١، لەهەندێك شوێنیشدا (پێنوسی مۆمی) بەکارهاتووە، لا٥٣.

دیاردەی فرەزاراوەیی لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵکدا ئاساییە، بەڵام نابێت ئەمە لە زمانی نوسینی فەرمی ڕەنگ بداتەوە، بەتایبەتی نوسینی بابەتە زانستییەکان لە کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندندا. کەچی ئەمە لە کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادەییدا بە زەقی هەستی پێدەکرێت. ئەم خشتەیەی خوارەوە چەند نموونەیەك لەم بارەیەوە دەخاتە ڕوو:

| زاراوە / وشە | دووبارەبوونەوە | سێ بارەبوونەوە |
|---|---|---|
| چیلکەی لۆکەی پاگژ. لا٥٣ | دەنکە چیلکەی پەمۆیی.لا١٦٥ | گوێ پاککەرەوە، لا١٦٦ |
| دەست کێش. لا١٧٩ | دەستەوانە. لا٥٣ | |
| کەتەر (برەر). لا١٨٣ | کەتەر(نەشتەر). لا٦١ | |
| پاککردنەوە.لا٦٨ | پاگژکردنەوە. لا٤٥ | |
| چاویلکەی پاراستن. لا١٦٦ | چاویکەی پارێزەر.لا٨٩ | |
| پەرتوکی خوێندکار. لا١٥٥ | کتێبی خوێندکار. بەرگی کتێبەکە | |
| تەماشا کردن. لا١٥٨ | لێنۆڕین (نۆڕین). لا١٥٢ | |
| مژۆك (دڵۆپێنەر).لا٥٤ | دڵۆپێنەری مژۆك.لا٥٥ | |
| قەڵەم، لا٦٨ | پێنوس. لا٥٨ | |
| ئاوی دڵۆپاو، لا٩٠ | ئاوی دڵۆپێنراو. لا٩٠ | |
| گیراوە کیمیاوییەکان.لا٤٥ | گیراوە کیمیاییەکان.لا٤٥ | |
| ستون. لا١٤٩ | ئەستون.لا٤٠ | |

**کتێبی زیندەزانی ویاسا سینتاکسییەکان:**

ئەوی جێگای سەرنجی ئەم لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە یاسا سینتاکسییەکان ئەوەیە، کە کتێبی زیندەزانی پرۆگرامەکانی خوێندن بەکوردی نوسراوەتەوە، بەڵام لە زۆر شوێندا پەیڕەوی هەندێك لە یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردی نەکردووە، لە خوارەوە ئەم دیاردەیە دەخەینەڕوو.

**ڕیزبوونی کەرستە:**

زمانی کوردی لە ڕیزبوونی کەرستەدا پەیڕەوی سیستمی (SOV) دەکات. کەچی لە کتێبی زیندەزانیدا ئەم سیستەمە لە هەندێك باردا تێکشکاوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری زمانی عەرەبی، چونکە لە زمانی عەرەبیدا کەرستەکان بە جۆرێکی تر ڕیزدەکرێن و ئەم کتێبەش لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. بەم پێیە وێڕای وەرگێڕانی واتای چەمك و واتای دەقەکە، لە هەندێك شوێندا دەقەکە بە هەمان یاسای سینتاکسی زمانی سەرچاوەوە، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. بۆ نموونە:

((سەرقاپی پیتریەکە لابەرە وە چیلکەکە بخشێنە لە ناوچەی ئەگاری ڕەنووس ۲.))ل٦٨

ڕستەی زمانی کوردی کەرستەکانی بە شێوەیەك ڕیز دەبن، کە کاری ڕستە دەکەوێتە کۆتایی. کەچی لەمەی سەرەوەدا (بخشێنە) کاری ڕستەکەیە و لە ناوەڕاستەوە هاتووە. شوێنی بنەڕەتی خۆی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

سەرقاپی پیتریەکە لابەرە و چیلکەکە لە ناوچەی ئەگاری ڕەنووس ۲ <u>بخشێنە</u>.

نموونەی لەم شێوەیە لە کتێبەکەدا زۆر بەدیدەکرێت. وەك:

- ((چاویلکەی پاراستن بەکاربهێنە لە دژی مادده کیمیاییەکان.))ل٤٥*
- چاویلکەی پاراستن لە دژی مادده کیمیاییەکان بەکاربهێنە.
- لە دژی مادده کیمیاییەکان چاویلکەی پاراستن بەکاربهێنە.
- ((پێویستە چارەسەر بۆ گشت زانیارییەکان بێتە ئەنجام.))ل٣٩
- پێویستە گشت زانیارییەکان چارەسەر بکرێن.
- ((پێویستە دەسنیشانی ڕێگەی پیشاندان دیاری بکەین.))ل٤٠
- پێویستە ڕێگەی پیشاندانی دەستنیشان بکەین.
- ((پێش دەستکردنت بەکار))ل٤٢
- پێش دەست بەکاربوونت.
- ((گەڵاکانی زۆربەی رووەك... ڕۆشناییان تێدایە.))ل٨٥
- گەڵای زۆربەی ڕوەکەکان... ڕۆشناییان پێدایە.

**ڕێککەوتن:**

لە کتێبی زیندەزانیدا دیاردەی هەڵەکردن لە ڕێککەوتنی کەس و ژمارەی کەرستەکانی ڕستە بوونی هەیە. وەك:

- ((گەڵاکان بۆیەی زەردی تێدایە.))ل٨٥

لەم ڕستەیەی سەرەوە (گەڵاکان) نیشانەی (ان) ی کۆیان پێوەیە، بۆیە دەبێ فرێزی (بۆیەی زەرد)یش لە ژمارەدا لەگەڵی ڕێك بکەوێت و نیشانەی کۆکردنەوەی پێوەبێت. وەك:

- گەڵاکان بۆیەی زەردیان تێدایە

ئەم دیاردەیەش لە زۆر شوینی کتێبەکەدا بوونی هەیە، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

- ((زۆر جار کلۆرۆفیل ڕەنگەکانی دیکەی ناو گەڵا دادەپۆشن.))لا٨٥
- زۆر جا کلۆرۆفیل ڕەنگەکانی دیکەی ناو گەڵا دادەپۆشێت.
- ((دەربارەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەستە بە چالاکییە تاقیگەییەکانەوە.))لا٤٨
- دەربارەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە چالاکییە تاقیگەییەکانەوە.
- ((ئەم جۆرە کارانە دەبێتە هۆی... ))لا٤٥*
- ئەم جۆرە کارانە دەبنە هۆی...

## کتێبی زیندەزانی و بەکارهێنانی ئامرازەکان:

(ەوە / وە)،(دا): ئەم پاشبەندانە لە زمانی نوسیندا نابێت بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەکاربهێنرێن، هەرچەندە هەڵەکردن لە بەکارهێنانیاندا لە زمانی قسەکردندا نابێتە هۆی گۆڕینی واتا. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە لە ئاستی نوسیندا بەتایبەتی نوسینی (فەرمی) بەپێی ئارەزوو بەکاربهێنرێن. ئەم بارە لە زۆرشوێنی کتێبی زیندەزانیدا هەستی پێدەکرێت، بۆ نمونە فرێزی (لەخۆ دەگرێت) لەچەند شوێنێکدا دووبارەبۆتەوە، لە هەندێکیان پاشبەندی (وە)ی وەرگرتووە و لە هەندێکیشیان وەری نەگرتووە. وەك:

لەخۆوە دەگرێت، لا٥٠*

لەخۆ دەگرێت، پێشەکی کتێب

بێگۆمان لەم دوو دەربڕینەی سەرەوە دەبێت یەکێکیان پەسەندتر بێت، بەپێی سەلیقەی زمانیش لە کوردیدا (لە خۆ دەگرێت) ڕاسترە.

جگە لەمە لە زۆر شوێنی ناو کتێبەکەدا فرێزی بەندی وا هەیە پێوستی بە پاشبەندی (ەوە/وە) هەیە کەچی ئەو بەکاری نەهێناوە. وەك:

- ((لەوانەیە پەیوەست بن بە ماددەکان و ئامێرەکان))لا٤٤* ⟵ ئامێرەکانەوە
- ((لە ڕیگەی بوون یان نەبوونی پرۆتینە جیاکەرەوەکان دیاریدەکرێت))لا٨٩*
- لە ڕیگەی بوون یان نەبوونی پرۆتینە جیاکەرەوەکانەوە دیاریدەکرێت

هەروەها کتێبەکە لە ئاستی پاشبەندی (دا)دا، هەڵەی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، لەزۆربەی شوێنەکانی ناو کتێبەکەدا پێویست بەوەدەکات ئەم پاشبەندە بەکاربێت، کەچی کتێبەکە بەکاری نەهێناوە. وەك:

- لە هەمان شوێنی پێشو، لا٨٠ ⟵ لە هەمان شوێنی پێشودا
- لەگەڵ هاوڕێکانت لە پۆل، لا١٠* ⟵ لەگەڵ هاوڕێکانت لە پۆلدا

لە هەندێك شوێندا پێویست بە بەکارهێنانی (دا) ناکات، کەچی کتێبەکە بەکاریهێناوە وەك:

- ئەو کاغەزەی دەکەوێتە ژێر بورییە باریکەکاندا، پێشەکی کتێبەکە ⟵ باریکەکانەوە

ئەمەی سەرەوە بەڕێژەیەکی زۆر فراوان هەستی پێدەکرێت.

ئامرازی (کە): ئەم ئامرازە لەزمانی کوردیدا بە شێوەیەکی فراوان بەکاردێت. هەروەها بەپێی بۆچوونی هەندێك لە زمانەوانەکان، ئەم ئامرازە سەربەخۆیی تەواوی نییە و لابردنیشی هیچی ئەوتۆ ناگۆڕێت لە هەندێك لە ڕستەکانی زمانی کوردیدا. وەك:

- من، کە بۆ ئازادی بجەنگم، لە مەرگ ناترسم.

لەم ڕستەیەی سەرەوە دا (کە) لە ڕستەکەدا هەبێ و نەبێ واتای ڕستەکە گۆڕانی بەسەردا نایەت[٣٣].

ئەمەی سەرەوە لە هەندێك باردا ڕاستە، بەڵام لە هەندێك باری تردا، وەك لە بەشی یەکەمدا باسمان کرد، بەکارهێنانی دروستی ئامرازی (کە) دەبێتە هۆی لابردنی تەم و مژی لە ڕستەدا. لە هەندێك شوێندا بەکارهێنان وبەکارنەهێنانی کاریگەری لەسەر مەبەستی ڕستەکە نابێت ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە نوسەر بە ئارەزووی خۆی بەکاری بهێنێت یان بەکاری نەهێنێت. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادەییدا، جۆرێك لە پشێوی و هەڕەمەکی هەیە، لە ئاستی ئەم ئامرازەدا و پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە. وەك:

-((کۆمەڵەی... لە سامپڵەکانی خوێنی کۆمەڵەی نەزانراو، لە خوێنێکدا، لە خوێنی مرۆڤ بچێت دیاری دەکەین.)) لا٨٩*

بەکارهێنانی (کە) لەمەی سەرەوەدا، تێگەیشتن ئاسانتر دەکات و دەبێتە هۆی لەیەك جیاکردنەوەی چەمکەکان. وەك:

- کۆمەڵەی... لە سامپڵەکانی خوێنی کۆمەڵەی نەزانراو، لە خوێنێکدا، کە لە خوێنی مرۆڤ بچێت، دیاری دەکەین.

- ((نیشانە دابنێ لەسەر ئەو کاغەزەی دەکەوێتە ژێر بۆرییە باریکەکاندا ئاماژە بکات بە کۆتایی هەر دڵۆپێك لە ئاوە ڕەنگدارەکە.))لا٦١

- نیشانە لەسەر ئەو کاغەزەی دەکەوێتە ژێر بۆرییە باریکەکاندا دابنێ کە ئاماژە بە کۆتایی هەر دڵۆپێك لە ئاوە ڕەنگدارەکە بکات.

هەروەها لە هەندێك شوێنی تردا، پێویست بە بەکارهێنانی (کە) ناکات، بەڵام لە کتێبەکەدا بەکارهاتووە، یاخود لە جیاتی ئامرازێکی تر، (کە) بەکارهاتووە. وەك:

- ((کە ڕەنگی وەنەوشەیی کریستالی بەهێز دەکات و یارمەتی دەدات کە بەخانەکانەوە بنوسێت.))لا٩٠
- کە ڕەنگی وەنەوشەیی کریستالی بەهێز دەکات و یارمەتی دەدات بۆئەوەی بەخانەکانەوە بنوسێت
- ((کاری تاقیگەیی ئەوەیە کە خۆت بتوانیت خشتەکانت دابنێیت.))لا٣٩
- کاری تاقیگەیی ئەوەیە خۆت بتوانیت خشتەکانت دابنێیت.

ئەمەی سەرەوە زۆر بە فراوانی لە کتێبەکەدا بوونی هەیە.

ئامرازی (و): ئەوەی ئێمە دەمانەوێت سەرنجی بدەین ئەوەیە، کە لە کتێبی زیندەزانی پرۆگرامەکانی خوێندندا، لەجیاتی ئەم ئامرازە فۆرمێکی تریش بەکار هاتووە، کە بریتییە لە (وە). وەك:

- ((ناوەندی درێژی گشتی وە درێژی کلك و درێژی لەش))، لا٦٦*

جگە لەمەش لە زۆر شوێندا ئامرازی لێکدەری (و) لەکەڵ وێرگوڵ (،) هەردووکیان بەدوای یەکتردا هاتوون. ئەمەش نابێت, چونکە یەکێکیان کاری ئەویتر ئەنجام دەدات. وەك:

(ئاڵوگۆڕی گازەکان لە نێوان ئەو هەوایەی کە لە سیکڵدانۆچکەکانی سیدایە، و لە نێوان ئەو خوێنەی... هتد)، لا٧١.

[٣٣] - شهاب شێخ طیب (٢٠١٤) دەربارەی زمانەوانی، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر لا١٤٠ .

ئەمەی سەرەوە پێچەوانەی ڕێنوس و خاڵبەندییە، بەڵام لەمەش ئەولاتر ئەوەیە، کە لە هەندێك شوێندا، هەردوو فۆرمی (و،وە) لەگەڵ وێرگوڵ هەموویان بەدوای یەکتردا ڕیزکراون. وەك:

(سەرلەنوێ سلایدەکە بخەرە ناو قاپی بۆیەکە و، وە دە دڵۆپ لە گرام...هتد).لا٩١

شایانی باسە ئەم دیاردەیەی سەرەوە بەشێوەیەکی زۆر و بەربڵاو لە نوسینی کتێبەکەدا دووبارە بۆتەوە.

## بە هەڵە بەکارهێنانی پریپۆزیشن:

پریپۆزیشنەکان لە چوارچێوەی جۆرێك لە وشەدا پۆل دەکرێن، کە پێی دەوترێت وشەی ئەرکی. وشە ئەرکیەکانیش تاوەکو لە ڕستەدا بەکارنەهێنرێن بەتەنیا واتای تەواو نابەخشن، بەڵام بە هەڵە بەکارهێنانیان دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا. وەك:

دوعات لێ دەکەم. دوعات بۆ دەکەم.

ئەم دیاردەیەی سەرەوە لە کتێبی زیندەزانی پرۆگرامەکانی خوێندندا، بەرچاو دەکەوێت، کە ئەگەر نەبووبێتە مایەی هەڵگەڕانەوەی واتا، بووە بە مایەی دروستکردنی جۆرێك لە پشێوی. بەشێوەیەك کاتێك دەقەکان دەخوێنیتەوە، ئەوەت لا بەرجەستە دەبێت، کە ئەم نوسینە لە هی یەکێك ناچێت قسەپێکەری زمانەکە بێت، بۆیە ئەمە لەزمانی نوسینی فەرمیدا ڕێپێدراو نییە. سەرنجی ئەم نمونانە بدە:

- ((چی بوە هۆی گۆڕانی هێلکەی ١ دوای نقومکردنی به ئاودا)) لا٨١* ⟵ لە ئاودا
- ((بریتییە لە لیستێك بەو ماددانەی پێویستیت پێیان هەیە))لا٤٨ ⟵ لەو ماددانەی

هەروەها لە هەندێك شوێنی تری کتێبەکەدا، ئامرازی (هەروەها) لە شوێنی خۆیدا بەکارنەهاتوە و بۆتە هۆی دروستکردنی تەم و مژی. وەك ئەم پەرەگرافەی خوارەوە:

((... پێویستە نیشاندەرێك پێشکەش بکەیت کە تیای دا ئەو پرسیارەی پێویستی بە وەڵام دانەوە هەیە لەخۆ بگرێت، هەروەها کرداری جێبەجێکردنی ئەوەی کە لە داهاتوودا بەکاری دەهێنیت ...))،لا٤٩

لە درێژەی خوێندنەوەی پەرەگرافەکەدا لە کتێبەکە، تاوەکو بەدوایدا بڕۆین پرۆسەی تێگەیشتن زەحمەتتر دەبێت، سەرەڕای تێبینیمان لەسەر چۆنییەتی ڕێکخستنی کەرستەکان و بەکارهێنانی خاڵبەندی (کە لەشوێنی خۆیدا باسی دەکەین). لەم پەرەگرافەدا ئامرازی (هەروەها) بە هەڵە بەکارهاتوە. بەواتای ئەوەی ئەگەر لە شوێنی (هەروەها)دا، ئامرازی (لەگەڵ) دابنێین، کێشەکە چارەسەر دەبێت. چونکە (هەروەها) لەو بارانەدا بەکاردێت، کە شتێك بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت بکات[٣٤].

## ڕەنگدانەوەی شێوازی ئاخاوتن لەڕێنوسی کتێبی زیندەزانی:

ئێمە لێرەدا باس لە هەڵە ڕێنوسییەکان ناکەین، کە پەیوەندیان بە هەڵەی چاپەوە هەیە، بەڵکو ئەو هەڵانە دەخەینە بەر باس، کە لە ئەنجامی لێ وردنەبوونەوە و بە هەند هەڵنەگرتن هاتونەتە کایەوە و بە کاریگەری شێوازی ئاخاوتنی ڕۆژانەوە هێنراونەتە ناو دەق و لە نووسیندا پەیڕەوکراون.

[٣٤] –محمد محوی و نەرمین عمراحمد، (٢٠٠٤)، مودێلی ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی لا٦٧ .

**مۆرفیمی داخوازی ( ب ):**

ئەم مۆرفیمە هەندێك جار بەهۆی كاریگەری شێوە ئاخاوتنی ناوچەیی، لە ئاستی زمانی قسەكردندا دەرناكەوێت، لە پێناوی بەفیڕۆنەدانی وزەدا. ئەمە تا ئێرە كارێكی ئاساییە. وەك: (ڕابكە ← ڕاكە). بەڵام ئەمە لە ئاستی زمانی نوسیندا ڕێگە پێدراو نییە و پێویستە مۆرفیمەكە بنوسرێت، بە پێچەوانەوە ڕێزمانی زمانەكە دەشێوێت و بنچینەی وشە ون دەبێت. هەروەها ئەگەر نوسین و نەنوسینی مۆرفیمی داخوازی بە ئارەزووی نوسەر بێت، دەبێتە هۆی ئەوەی كە هەندێك لە وشەكان دوو شێوەی نوسینیان هەبێت. نموونەی لەم بارە لە زۆر شوێنی كتێبی زیندەزانی پرۆگرامی خوێندن دا دەست دەكەوێت. وەك:

- ((بەروانكەی تاقیگە لەبەر بكە و دەستەوانەكانیش لە دەستكە))لا٥٧*

لەمەی سەرەوەدا لە دوو شوێندا مۆرفیمی داخوازی بوونی هەیە، لە یەكێكیان وێنەی دەركەوتووە (لەبەر بكە)، لەویتریاندا وێنەی دەرنەكەوتووە (لە دەست كە).

لە لاپەرە (٦٥)ی هەمان كتێبدا، لە یەكێك لە پەرەگرافەكان لە (٨) شوێن مۆرفیمی داخوازی بوونی هەیە، كەچی لەهەندێكیان دەركەوتووە و لە هەندێكیان دەرنەكەوتووە. ئەمەش بۆتە هۆی جۆرێك لە پاشاگەردانی لە ڕێنوسی كتێبەكەدا. هەروەها ئەم بارە لە تەواوی كتێبەكەدا بەشێوەیەكی بەرفراوان دووبارە بووەتەوە، بەڵام ئێمە تەنیا بواری ئەوەمان هەیە سامپلێك بخەینەڕوو.

هەروەها كاتێك لە ئەنجامی گۆڕاندا دەنگێك دێتە ناوەوە، نابێت لە ئاستی نوسیندا پیشان بدرێت. كەچی لە كتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادەییدا ئەم دیاردەیە زۆر پەیڕەو كراوە. وەك:

- ((وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە ؟)) لا١٠
- ((ئاگاداری مامۆستاكەت بكەرەوە ؟))لا٤٣
- ((روەكە كێوییەكانی دیكە لێ مەكەرەوە؟))لا٤٤
- ((ئەوە بخەرەوە بیرت ؟))لا٤٩

شایانی باسە دەركەوتن و دەرنەكەوتنی ئەم دیاردە فۆنۆلۆجییەی سەرەوە، لە كتێبەكەدا بەپێی ئارەزووە، واتە لە هەندێك شوێن نیشان دراوە و لە هەندێك شوێنیش نیشان نەدراوە. ئەمەش بۆتە هۆی جۆراوجۆری لە ڕێنوسدا.

جگە لەمەی سەرەوە لە بەكارهێنانی ئەسپێكتی (دە)دا، كە لەگەڵ كاری ڕانەبردوو و ڕابردووی بەردەوامدا دەردەكەوێت، ئەو جۆرە تێكەڵییە هەیە. ئەم فۆرمە لەزمانی قسەكردندا (بەتایبەتی سلێمانی) گۆڕانی بەسەردا دێت و دەبێت بە (ئە). ئەوەی دەمانەوێت سەرنجی بدەین ئەوەیە، كە ئەو فۆرمەی لەزمانی قسەكردندا بەكاردێت، لەزۆر شوێن لە نوسینی كتێبی زیندەزانیشدا هەستی پێدەكرێت. بە واتایەكی تر لە كتێبەكەدا هەردوو فۆرمەكە بەكارهاتووە، بەشێوەیەك لە یەك لاپەڕەدا جارێك (دە) و جارێك (ئە) دەبینرێت. ئەمەش لە زمانی نوسیندا ڕێگا پێدراو نییە، بەتایبەتیش لە نوسینی كتێبەكانی پرۆگرامی خوێندندا، چونكە قوتابیان لەسەری ڕادێن. نموونە:

- ((ئایا ئەتوانیت بڵێیت... هتد.))لا٧٠
- ((... دەتوانیت فێربیت لە ئەنجامی ئەم تاقیكردنەوەیە.))لا٧٠

**کتێبی زیندەزانی و خاڵبەندی:**

ئەوەی پەیوەندی بە خاڵبەندییەوە هەیە لە کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادەییدا، ئەوەیە کە هەڵەی زۆری تێدایە. بە شێوەیەك، کە هیچ لاپەڕەیەك نییە هەڵەی تێدا نەکرابێت، لە بەکارهێنانی خاڵ و وێرگوڵ ونیشانەی پرسیار و... هتد. لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو:

**خاڵ:** ((ئەمانە بەکاربهێنە جاویلکەی پاراستن. بەروانکەی تاقیگە،... هتد.))لا١٦١

لەمەی سەرەوە لە نێوان ژماردنی چەند شتێکدا (خاڵ) دانراوە، کە ئەمەش بەپێی خاڵبەندی نابێت، چونکە خاڵ لە کۆتایی ڕستەکان یان کە بیرەکە تەواو بوو، ئینجا دادەنرێت.

**بەدوای یەکداهااتنی (.) و (و):** وەك:

((ئەوانیش لەلای خۆیانەوە گەیێنکەی دەماری لەگەڵ خانە چیلکەییەکان و خانە قوچەکییەکان پێکدەهێنن. و لەو تۆڕەدا...هتد.))لا٦٢*

**وێرگۆڵ / فاریزە( ، ):**

((خشتە داتاییەکان لە ڕاستیدا زۆرترین هۆکاری داتاکانی بەربڵاوە سەرەڕای هەبوونی خشتە داتاکان بە ئامادەکراوی لەناو پەرتووکەکانی کاری تاقیگەییدا گرینگ ئەوەیە، کە خۆت بتوانیت خشتەکانت دابنێیت بە باشترین ڕێگە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە بریتییە لە هەڵبژاردنی ناو نیشان بۆ خشتەی داتاکان،...هتد.))لا٣٩

ئەم پەرەگرافەی سەرەوە لە چوار دێڕ یان حەوت ڕستە پێکهاتووە، کەچی یەکجار وێرگوڵ (،) بەکارهاتووە.

هەروەها وێرگوڵ (،) و (و) شوێنی یەکتر دەگرنەوە لە نوسیندا، بەواتای ئەوەی ئەگەر یەکێکیان هەبێت، پێویست بە بوونی ئەویتر ناکات. بەڵام لە کتێبی زیندەزانیدا، ئەم دوو کەرستەیە هەردووکیان بەدوای یەکتریدا هاتوون و ئەمەش لە زۆر شوێندا دووبارە بۆتەوە. وەك:

((پابەند بوون پێوەی، و پەخشکردنی نامە...هتد.))لا٤٧

((ئێسکەکە بەهۆی موکێشەوە لە ئۆفنەکە دەربهێنە، و لەسەر پارچە قوماشی...هتد.))لا٥٩*

**کتێبی زیندەزانی و وەرگێڕان:**

ئەوەی شایانی باسە لەبارەی واتا و وەرگێڕانەوە، ئەوەیە کە چەندین ڕستە یان پەرەگراف لە کتێبەکەدا هەن، کە واتا نابەخشن، یاخود خوێنەر زۆر پێیەوە ماندوو دەبێت تاوەکو لێی تێدەگات. هۆکاری زەحمەت تێگەیشتنەکەش ناوەرۆکی بابەتەکە نییە، بەڵکو زمان و ڕێنووسی بابەتەکە ئەم گرفتەی دروست کردووە. ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی زمانی پەخشانی زانستیدا ناگونجێت. لە خوارەوەدا نموونەی چەند دەقێك لە کتێبەکەدا چۆن نوسراوە وەکو خۆی دەیخەینەڕوو، ئینجا هەمان دەق لەکتێبە عەربیەکە چۆن نوسراوە بە عەرەبی دەخەنەڕوو (چونکە کوردییەکە لە عەرەبییەکەوە وەگێڕداوە). پاشان هەندێك لە دەقەکان دووبارە دادەڕێژینەوە، بۆئەوی ڕاستییەکە باشتر دەرکەوێت. هەروەها ژمارە بۆ دەقەکان دادەنێین.

١- **دەقی ناو کتێبەکە وەکو خۆی:** ((ڕوی لێکچوون لە نێوان ئەو کارلێکەی لە نێوان گوێزەرەوە پرۆتین و ئەو ماددەیەی کە دەیگوێزێتەوە هەروەها لە نێوان ئەنزیم و مادە کارلێککردووەکەی دا چییە ؟))لا١٠

-**هەمان دەق لە کتێبە عەرەبییەکەدا:** ((ما وجه الشبه بين التفاعل الذي يجري بين البروتين الناقل و المادة التي ينقلها وبين انزيم ومادته المتفاعلة ؟)) ل١٠

-**دەقەکە بەم شێوە بێت باشترە:** (رووی لێکچوون چییە کاتێك کارلێککردن ڕوودەدات لە نێوان گوێزەرەوە پرۆتین و ئەو ماددەیەی کە دەیگوازێتەوە لەلایەك و لەنێوان ئەنزیمێك و ماددە کارلێکردووەکەی لەلایەکیتردا.)

٢- **دەقەکە لەکتێبەکەدا وەکو خۆی:** ((هێما چاپکراوە تایبەتییەکان بە سەلامەتی و دڵنیایی بناسە ئەوانەی ئاماژەی گرتنەبەری هەندێك ڕێوشوێنی زیاتر پێویستن کە لەسەریان برویت.))ل٤٢

-**هەمان دەق لە کتێبە عەرەبییەکەدا:** ((تعرف الرموز المطبوعة الخاصة بالسلامة والامان – انها تشير الي التدابير الاضافية التى يجب عليك اتخادها))ل٤٢.

-**پێوستە بەم شێوەیە بێت:** (ئەو هێما چاپکراوانە بناسە کە تایبەتن بە سەلامەتی و دڵنیایی، ئەوانەی ئاماژە بە هەندێك ڕێوشوێنی تر دەکەن، کە پێویستە بیانگریتەبەر)

٣- **دەقەکە لەکتێبەکەدا وەکو خۆی:** ((یەکەم کارت ئەوەیە، فێری تەکنیککاری بۆیەی گرام بیت، لە ڕێگای تاقیکردنەوەی ئەو سامپڵانەی بەکتریای کە لە پێشدا زانراون کە، پۆزەتیڤن یان نێگەتیڤن بە بۆیەی گرام.))ل٨٩

-**دەقەکە لە کتێبە عەرەبییەکەدا:** ((مهمتك الاولى هي ان تتعلم تقنية صبغة الجرام عن طريق اختبار عينات من البكتريا المعروفة مسبقا بانها سالبا او موجبة لصبغة جرام))ل٨٩

-**وا باشترە دەقەکە بەم شێوەیە بێت:** (کاری بەراییت فێربوونی کرداری بۆیەکردنی گرامە، لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی چەند سامپڵێك لە بەکتریا، کە پێشوەخت زانرابێت ئەم سامپڵانە نێگەتیفن یان پۆزەتیفن بە بۆیەی گرام.)

٤- **دەقەکە لەکتێبەکەدا وەکو خۆی:** ((بە هێزی گەورەکردنی بەرز لێبنۆڕە))ل١٤٨

-**دەقەکە لە کتێبە عەرەبییەکەدا:** ((تفحص الشريحة عند قوة التكبير الكبرى))ص١٤٨.

-**بەم شێوەیە بێت پەسندترە:** (سلایدەکە بە هێزی گەورەکردنی بەرز بپشکنە.) یان (بە هێزی گەورەکەدنی بەرز بنواڕە سلایدەکە.)

٥- **دەقەکە لەکتێبەکەدا وەکو خۆی:** ((بە هیچ شێوەیەك لە ناو تاقیگەدا نان و خواردن مەخۆ لە خواردنەوەش دووربکەوە.))ل٤٤*

-**دەقەکە لە کتێبە عەرەبییەکەدا:** ((لا تتناول أي الطعام او الشراب... في المختبر))ص٤٤*.

-**بەم شێوەیە بێت پەسندترە:** (لە تاقیگەدا خواردن و خواردنەوە مەخۆ و مەخۆرەوەو.)

٦- **دەقەکە لەکتێبەکەدا وەکو خۆی:** ((لێت دەخوازێت ئەو تەکنیکانەی کە فێریان بوویت لە چالاکییەکانی تەکنیکی تاقیگەییی بۆ وەڵامی پرسیارەکان بەکار بهێنیت.))ل٤٧

-**دەقەکە لە کتێبە عەرەبییەکەدا:** ((انشطة تصاميم التجارب المختبرية تطلب منك استخدام التقنيان التي تعلمتها في انشطة التقنييات المختبرية، في حل المسائل))ص٤٧.

-**بەم شێوەیە بێت پەسندترە:** (چالاکییەکانی نەخشەدانانی ئەزموونە تاقیگەییەکان داوات لێدەکات، بۆ شیکارکردنی پرسیارەکان، ئەو تەکنیکانە بەکاربهێنیت کە لە چالاکییەکانی تەکنیکی تاقیگەیدا فێریان بویت.)

٧- **دەقەکە لەکتێبەکەدا وەکو خۆی:** ((وریابە ئامرازە شوشەکان زوو تێکدەچن. یەکسەر ئاگاداری مامۆستاکەت بکەرەوە لە شکاندنی هەر ئامرازێکی شوشەدا یان توشبوون بە ماددە ڕژاوەکان بەجێمەهێنە. تا مامۆستاکەت داوای ئەوەت لێ نەکات.))ل٥٨ *.

**-دەقەکە لە کتێبە عەرەبییەکەدا:** ((احذر:الادوات الزجاجیة سریعة العطب. ابلغ معلمك علی الفور في حال تحطم ادوات الزجاجیة او اصابة بأي جروح. لاتقم باعمال التنظیف لازالة الحطام الزجاجي او المواد المتسربة مالم یطلب معلمك القیام بذالك.))ص٥٨*

**-واباشترە بەم شێوەیە بێت:** (ئاگاداربە! ئامرازە شوشەییەکان زوو دەشکێن، لە کاتی شکانی هەر ئامرازێکی شوشەدا یان بریندار‌بوون، مامۆستاکەت ئاگادار بکەوە، هەروەها شوشە و ماددە شکاو و پەرشوبڵاوەکان هەڵمەگرەوە و شوێنەکە پاك مەکەوە تاوەکو مامۆستاکەت داوات لێ نەکات.)

ئەوەی هەستی پێدەکرێت لە بارەی (واتا و وەرگێڕان)دا ئەوەیە، کە دەقەکان لە ڕێگەی وەرگێڕانی وشە بە وشەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، بۆیە دەقەکان لە هەندێك شوێندا واتا نابەخشن و لە هەندێك شوێنیتردا بە زەحمەت خوێنەر لێیان تێدەگات. چونکە هەر زمانێك یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە لە ڕیزبوونی کەرستە و کرداری گەیاندنی واتادا. جگە لەمە خاڵبەندیش هۆکارێکی ترە، بۆ ئەوەی دەقەکان واتای خۆیان نەبەخشن و خوێنەر نەتوانێت زانیارییەکان لە مێشکی خۆیدا پۆلێن بکات، بۆیە کرداری تێگەیشتن نایەتە کایەوە یان زەحمەتتر دەبێت.

## ئەنجامەکان:

١- کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادەیی، لە ڕووی زمان و ڕێنوسدا لەچوارچێوەی گشتی نوسینی زانستی لایداوە، کۆمەڵێك هەڵەی تێدا بەدیدەکرێت و هەڵەکانیش بریتی نین لە هەڵەی چاپ، بەڵکو هەڵەی بنەڕەتین کە پێویستیان بە هەڵوەستە هەیە.

٢- لەڕووی زاراوەوە، دیاردەی فرەزاراوەیی و داتاشینی زاراوە بۆ زاراوە زانستیە جیهانییەکان بوونی هەیە، لەگەڵ نەگەیاندنی واتای تەواو لەکاتی وەرگێڕانی زاراوەکاندا.

٣- لە زمانی نوسینی کتێبەکەدا پێشێلکردنی یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردی هەستی پێدەکرێت. وەك ڕیزبونی کەرستە و بەهەڵە بەکارهێنانی ئامرازەکان و... هتد.

٤- لایەنی خاڵبەندی و ڕێنوسی کتێبی زیندەزانی پرۆگرامەکانی خوێندن، پشێوی و پاشاگەردانی پێوە دیارە، بە شێوەیەك کە هیچ لاپەڕەیەکی کتێبەکە نییە هەڵەی خاڵبەندی تێدا نەبێت.

٥- لەڕووی وەرگێڕانەوە کتێبەکە پەیڕەوی جۆری وەرگێڕانی وشە بە وشەی کردووە، کە دەقەکە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. جگە لە وەرگێڕانی چەمکەکان، دەقەکە بەگوێرەی یاسا سینتاکسییەکانی زمانی بنەڕەتەوە، کە عەرەبییە، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

## لیستی سەرچاوەکان:

### کوردی:

١. ئاوازحەمەصدیق بەگیخانی(١٩٩٦)، ڕیزبوونی کەرستە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین

٢. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، ئامراز لەزمانی کوردیدا، انتشارات صلاح الدین ایوبی.

٣. پەروین عوسمان مستەفا عەللاف(٢٠٠٩)، واتا و وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەلأت،چاپی یەکەم، هەولێر.

٤. حسین یعقوبی، و: ئیسماعیل بەرزنجی(٢٠٠٧)، زمان وەرگێڕان و پەیوەندیە کلتورییەکان، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٥. ڕەفیق محەمەد محێدین شوانی (١٩٩٧ )، ئامرازی بەستنەوە لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردەی ابن ڕشد، زانکۆی بغداد.

٦. ڕێبوار سیوەیلی و مسلح ئیروانی( ٢٠٠٣)، خاڵبەندی پراکتیکی، هەولێر، چاپخانەی ژیان، چاپی یەکەم

٧. شهاب شێخ گیب(٢٠١٤)، دەربارەی زمانەوانی، نارین بۆ چاپ و بلأوکردنەوە، هەولێر.

٨. شێرکۆ بابان(٢٠٠٩)، ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی لەئاستی زمانی نوسیندا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٩. گالب حسین علی( ١٩٩٨)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا، نامە دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب.

١٠. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ (٢٠٠٦)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، کتێبفرۆشی سۆران، چاپی دووەم، هەولێر

١١. عەزیز گەردی (١٩٨٧)، پەخشانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٢. عزیز گەردی (١٩٧٤)، ئەدەب و ڕەخنە، چاپخانەی (الحوادپ)، بەغدا.

١٣. کامل حسن البصیر(١٩٧٩)، زاراوەی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

١٤. کەمال جەلال غەریب(٢٠١٢)، پرۆژەی زاراوەی زانستی کوردی، دەزگای چاپ و بلأوکردنەوی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

١٥. لێژنەی زمان و زانستەکانی لەکۆڕی زانیاری کورد(٢٠١١)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، دەزگای چاپ و بلأوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

١٦. محمد محوی و نەرمین عمراحمد(٢٠٠٤)، مودێلی ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی .

١٧. محمد معروف فتاح(٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٨. میدیا جلال (٢٠١٢)، سینتاکس و سیمانتیکی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردەی مرۆڤایەتی.

١٩. لێژنەی دەستوری زمانی کوردی (١٩٨٥)، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێڕاق، بەغدا.

٢٠. وریا عمر امین(٢٠٠٤)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بلأوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

**عەرەبی:**

٢٢. مصگفی گاهر الحیادره (٢٠٠٣)، من قچیا المصگلح اللغوی العربی، عالم الکتب الحدیپ للنشر والتوزیع، الاردن

**ئەنتەرنێت:**

٢٣.انواع الاسلوب وخصائصها، الجزیره http://www.al-jazirah.com/2001/20010520/tl9.htm

٢٤.خصائص فنون النپر وخصائص الاسالیب الکتاب، http://nahar.hisforum.com/t9126-topic

## پوختەی لێکۆڵینەوە :

مرۆڤ هەوڵیداوە بۆ گەیاندن و دەربڕین و پاراستنی بیروبۆچونەکانی خۆی نوسین بەکاربهێنێت. بیرەکانیش بە شێوازی جیاواز نووسراون و داڕێژراون، یەکێك لەم شێوازانەش بریتییە لە (پەخشانی زانستی). پەخشانی زانستیش لە رووی روخسار و ناوەرۆکەوە جیاوازە لە جۆرەکانی تری پەخشان. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ قسەکردن لەسەر زمانی ئەم جۆرە پەخشانە، کە کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەبێ لە زمانی نوسینەوەی زانست پەیڕەو بکرێت. تێگەیشتن لە ناوەرۆکی هەر دەقێك پەیوەندی راستەوخۆی بە زمانی دەقەکەوە هەیە. ئینجا کۆمەڵێك ڕێوشوێن بەشداری دەکەن لەگەڵ زمانەکە لە پێناو سەرکەوتنی پرۆسەی گەیاندن و تێگەیشتندا.

هەر نوسینێك کە زانیارییەکی رووتی تێدا بێت وەك (کیمیا، فیزیا، بایۆلۆجی، ئەندازە...هتد) لە چوارچێوەی نوسینی ئەدەبی دەردەچێت، چونکە ناوەرۆکێکی تایبەتی هەیە، ئەم جۆرە ناوەرۆکەش دەبێت بە زمانێك تۆماربکرێت، جیاوزبێت لەو زمانەی کە نوسینی ئەدەبی پێ تۆمار دەکرێت. دەبێت زمانێك بێت دوور لە هەست و سۆز و کەسایەتی نوسەر و یەك خوێندنەوە هەڵبگرێت و دور بێت لە درێژدادڕی و هونەرەکانی رەوانبێژی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە دوو کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندنی ئامادەیی دەستنیشانکردووە بۆ قسەکردن لەسەر زمانی کتێبەکان. کە ئایا ئەو زمانەی ئەم کتێبانەی پێ نوسراوەتەوە تاچەند پەیڕەوی ئەو تایبەتمەندیانەی کردووە، کە لە زمانی پەخشانی زانستیدا هەیە.

لێکۆڵینەوەکە دابەشکراوە بۆ سەر دوو بەشی سەرەکی، بەشی یەکەم باس لە زمانی پەخشانی زانستی دەکات، کە زمانێکە پڕیەتی لە زاراوەی زانستی و ژمارە و کورتکراوە و...هتد. لەگەڵ کۆمەڵێك یاساو رێسا کە بەگشتی دەبێت هەموو نوسینێك پەیڕەویان بکات. بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ هەڵسەنگاندنی کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادەیی لە رووی زمانەوە. هەموو ئەو شوێنانەی دەستنیشانکردوە، کە سنور و چوارچێوەی پەخشانی زانستی بەزاندوە و تایبەتمەندییەکانی پەیڕەو نەکردووە.

**ملخص البحث:**

حاول الانسان منذ ان عرف الكتابة ان يستخدم اللغة وسيلة للتواصل ولبيان افكاره وارائه . وقد استخدم اساليب كتابية شتى . و واحد من تلك الاساليب هو الاسلوب العلمي النثري الذي يتميز شكلا ومضمونا عن بقية الاساليب ، كالاسلوب الادبي . وهذا البحث محاولة جادة لسبر أغوار الاسلوب العلمي النثري وذلك من حيث الشكل لا المضمون . فالنص فى مثل هذه الاسلوب ، لا يحتمل اكثر من قراءة واحدة كالنص الادبي الذي يحتمل قراءات عديدة . وذلك لانه ينأي عن استخدام الخيال والعاطفة والمجاز ، فهو اسلوب مباشر لا تعقيد فية و لا التواء ولا غموض و لا ضبابية . وقد قمنا فى بحثنا هذا بذكر بعض الملاحضات الخاصة بهذا الاسلوب العلمي النثري و باللغة المستخدمة فيه .

وقد اخترنا فى بحثنا هذا كتابين دراسيين خاصين بالمرحلة الاعدادية ، وهما: الاحياء للصف الحادي عشر و الصف ثاني عشر . وتناولنا فية بالدراسة وتحليل اللغة النثرية العلمية التي استخدمت فيهما ، وذلك للاجابة على هذا السؤال الذي اوردناه فى البحث ، هو: هل راِعى هذان الكتابان اصول و المبادىء اللغة النثرية العلمية ام لا ؟

وقد قسمنا بحثنا هذا الى قسمين رِئيسيين ، هما: الاول ، يتحدث عن لغة الاسلوب العلمي في نص العلمي الذي يكتظ بمعلومات علمية و باشكال كتابية رِمزية كانت و اصطلاحية ، كما يتناول المبادىء الاساسية لمثل هذة الكتابات النثرية العلمية . كما لم نغفل فى هذا القسم عن علامات الترقيم و القواعد الاملائية .

و القسم الثاني: وقد بادرنا فيه بتثمين و تقسيم وتقويم كتابي الاحياء الانفى الذكر ، لتبيان مدى نجاحهما فى تطبيق اسس و مبادىء لغة النثر العلمي ، وهكذا مدى اخفاقهما فى ذلك التطبيق

## Sammary

Human beings use language for communication, expressing, and preserving their point of views. The ideas are composed in different ways; one of these ways is (scientific prose). Scientific prose in terms of form and content is different from other types of prose. This research is an attempt for discussing the language of this type of prose, which has some special features that should be applied on the language of composing science. Understanding the content of any context is directly related to the language of this content.

Any writing that contains some information like (chemistry, physics, biology etc...) is considered as a composition out of literary contexts, because it has a special content that is why this content should be recorded with a language different from literary language. It must be written in a language far from feelings and writer's personality, it should carry one specific message, far from a lot of detailing and figurative language.

This research chose two text books of secondary school in studying program for talking about the language of these books. In order to know if those features that should be used in the language of scientific prose are applicable on the language of these books or not.

The research is divided in to two main sections, the first section talks about the language of scientific prose, which is a language full of scientific terms, numbers, and abbreviations, also some rules that should be applied on all writings in general.

The second section devoted to evaluating biology book for eleven and twelve class of secondary school in terms of syntax and it figured out all those places where the scientific prose features are not applied and crossed over scientific prose borders.